# ئەو هەموو دەستێک ماچ ناکات!

ئەمجەد شاکەلی

لە نێو زۆرینەی سیاسەتکاران و سەرانی حیزب و دەوڵەت و ئەوانەی هەموو جیهاندا، هیچ کەسێکم لە یاسر عەرەفات و جەلال تاڵەبانی، زیاتر و گەرموگوڕتر نەدیتووە، هێندە کوژراو و عاشقە ماچ و لستنەوەی بەرانبەرەکەیان بن. مەبەست لە بەرانبەرەکەیشیان هەمیشە، نێرینەیەکی زرتەبۆز و زەبەلاحی وەک خۆیانە، کە ئەویش دیارە بەرپرسێکە یا کاربەدەستێکی لایەنێک یا دەوڵەتێک یاحیزبێک یا وڵاتێکە. بەناوبانگترین ماچێک، کە هەمیشە لە بیرگەی خەڵکدایە و هەرگیز وێنەکەی ناسڕێتەوە و کاڵ نابێتەوە، ماچەکەی سەر ڕوومەتی سەددام حوسەینی بەغدایە، لە ساڵی 1991دا، کە جەلال تاڵەبانی پێوەی نووسابوو و هەرگیز لێی نەدەبووەوە. ئەو ماچانە، ماچی ڕوومەت و لامل بوون. جەلال تاڵەبانی لەم ساڵانەی دواییەدا و ڕێک لە ساڵی 2001دا، فێری دەستماچکردنیش بوو، ئەگەر پێشتریش وەها کارێکی نەکردبێت!. لەو ساڵەدا، لە کۆیە و بە ئامادەبوونی نوێنەری میتی تورکیا و لە کاتی دابەشکردنی زەوی بە سەر تورکمانەکاندا، بە هەموو لەش و قورسایی خۆیەوە دانووشتایەوە و کەوتە سەر دەستەکانی سەنعان قەسسابی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی عیراقدا و پوختە و جوان ماچی کرد و لستییەوە. هێرۆ خانم (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد)ی خێزانی جەلال تاڵەبانی، لە گوتارێکیدا بە نێوی"دەست ماچ کردن"(1)، دەیەوێت وا پێشان بدات، کە جەلال تاڵەبانی، هەمیشە دژی دەستماچکردنی خەڵک بووە و لە وەها کارێک تووڕە بووە و بۆ ئەو کەسانەی وەک جەلال تاڵەبانی-دیارە هێرۆخانم بە جەلال تاڵەبانی دەڵێ: مام جەلال(2)- و خۆی(هێرۆخانم)، تەنیا دەستی دایکە شەهیدێک، باوکە شەهیدێک، لایان ئەوەندە پیرۆزە، کە لایەقی ماچکردن بێت، غەیری ئەوە لایەقی ئەو کەسانەیە، کە ساڵانێکە فێری دەست ماچ کردن و دەست ماچ کران بوون و ئەوانە زۆر باش ئەزانن کە چۆن دەستەکان ئەلێسنەوە(3). ڕەنگە ئەوەی، کە بە بیری خوێنەری ئەو گوتارەی هێرۆخانمدا بێت، ئەوە بێت: ئایا هێرۆخانم ئەو فیلمەی، کە جەلال تاڵەبانی دەستی سەنعان قەسسابی تێدا دەلێسێتەوە نەدیوە؟ یا هیچی لەبارەوە نەبیستووە؟ یا خۆی لێ نەبان دەکات؟ خۆ وا باوە، ژن هەستەوەرییەکی لە ڕادەبەدەر بەهێزیان هەیە، لە دۆزینەوەی پێوەندی مێردەکانیاندا بە مرۆڤێکی دیکەوە، یا لەشکەوتنی مێردەکانیان بە لەشی کەسێکی دیکەوە، یا بۆنێکی نائاسایی و غەریب، کە مێردەکانیان لە کەسێکی دیکەوەی وەردەگرن و پێیانەوە دەنووسێت. دەی ئەو هەستەوەرییە ژنانە بەهێزە لای هێرۆخانم کوێوە چوو؟ من پێموانییە هێرۆخانم، ئەو فیلمەی، کە قارەمانەکەی، "مام جەلال"ەکەی خۆیەتی و بەشێکی زۆری کورد بینیویەتی، نەدیبێت و ئاگای لێ نەبێت، بەڵکە بێگومانم لەوەی، کە دیتوویەتی و چاکیشی دیتووە و تەواوی ئەو گوتارەی "دەست ماچ کردن"ەیشی، هەر بۆ سەرلێشێواندن و شەوارەکردن و چەواشەکردنی مرۆڤی ئاسایی کورد نووسیوە و هیچی دی، بەڵام من لەو بڕوایەدا نیم، مرۆڤی کورد، هێندە سافیلکە بێت، بە گوتارۆکەیەکی وەها بڕوا بکات و بە "سی. دی CD"یە فیلمێکی، زیندووی بە دەنگ و ڕەنگ، باوەڕ نەکات و نەزانێت، کە ئەوەی لەو فیلمەدا دادەچەمێتەوە و بە تەواوی ویست و خواست و خۆشحاڵی و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

گەشی و دەمبەپێکەنینەوە، دەست ماچ دەکات، جەلال تاڵەبانییە و ئەوەی بسکەی سمێڵی دێت و گەلێک کەیفسازە و دەستی ماچ دەکرێت، سەنعان قەسسابە. پێموانییە وەها گوتارێک و چەواشەکارییەک، مرۆڤی کورد وا لێ بکات، کە چاوی ڕێشکەوپێشکە بکات و جەلال تاڵەبانی دەستماچکاری، لێ ببێت بە سەنعان قەسساب و سەنعان قەسسابی دەستماچکراویشی لێ ببێتە جەلال تاڵەبانی. مرۆڤی کورد، زۆر باش دەزانێت، ئەوەی لەو فیلمەدا دەست ماچ دەکات، "مام جەلال"ەکەی هێرۆخانمە و کەسێکی دیکە نییە. سەنعان قەسسابیش، نە دایکەشەهیدە و نە باوکەشەهیدە و نە بۆ خۆیشی بە تەمایە شەهید بێت. سەنعان قەسساب، سیخوڕێکی تورکیایە، نۆکەری میتە، کەونە بەعسی و پیاوی ڕێژیمی بەعس بووە، تورکمانێکی تۆرانی خوێنخۆر و دوژمنی کوردە. دیارە جەلال تاڵەبانی ئەو جۆرە دەستانەی بە لاوە مەبەستە و ئەو جۆرە دەستانە ماچ دەکات، کە خوێنی کوردیان لێ دەتکێت. ئەو دەستی خەڵکانێک ماچ دەکات، کە لە سەرووی خۆیەوە بن و لە خۆی بە گەورەتریان بزانێت و لە خۆی بەهێزتر و دەسەڵاتدارتر بن. ئەو دەستانێک ماچ دەکات، کە نەتوانێت بیانبرێت و بیانقرتێنێت. ئەو دەستانێک ماچ ناکات، کە لە خوارەوەی خۆیەوە بن و لە خۆی بچووکتر و لاوازتر و بێهێزتر و بێدەسەڵاتتر بن. ئەو دەستە شەقارشەقارەکانی وەرزێرێکی هەژاری کورد، یا پیرێژنێکی هەموو کوڕ و کچ و نەوە و مێرد ئەنفالکراو ماچ ناکات. من بۆ خۆم ئەو فیلمەم دیوە(4) و زۆر کەسی دیکەیش بینیویانە، هیوادارم خێرەومەندێک بیخاتە سەر یەکێک لە ماڵپەڕە کوردییەکان و بێنێرێت بۆ هەرچوار تەلەڤزیۆنە کوردییەکان(کوردسات، کوردستان تیڤی، ڕۆژ و میزۆپۆتامیا تیڤی)، بۆ ئەوەی خەڵکانێک، کە نەیاندیتووە، ببینن و هێرۆخانمیش، بۆ چەندەمین جار ببینێتەوە، تا ئیدی تۆمەتی دەستماچنەکردن و نەلستنەوە، بۆ کەسێکی بەڕێزی وەک جەلال تاڵەبانی، هەڵنەبەسترێت.

/8/200492

پەراوێز:

1. هێرۆ، دەست ماچ کردن، خاک، ژمارە 86، ساڵی هەشتەم، 10 ئابی 2004. دیارە ئەو گوتارەی هیرۆخانم، گەلێک گرنگ بووە، هەربۆیە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێشدا بلاوکراوەتەوە. بنۆڕە: تقبيل الايادي، كتابة: هيرو ابراهيم احمد، ترجمة: مصطفي صالح كريم، الاتحاد، العدد 811، الخميس 2004/8/26. هەروەها بنۆڕە: کورستانی نوێ، ژمارە 3458، یەکشەممە 2004/8/29، ل 6. لەبەر گرنگیی ئەو گوتارە، دەبوو بکرابایە تورکی و فارسی و زمانانی دیکەش.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# دەست ماچ کردن

ئەوکاتەی من و خوشك و براکانم هەندێکمان گەنج و هەندێکی‌کەمان منالبووین، کـە دایکـم بەتەلـەفون ئاخـاوتنی لەگـەڵ یەکێکا ئەکرد، و یان بەیەکتر دیتن بوایە، و بەرامبەرەکەی کە لەهەواڵی ئێمەی ئەپرسی، و دایکم وەك عورفی سەردەم ئەیوت، منالان دەستان ماچ ئەکەن، ئێمە کێمان لەوێ بوبنایە بەیەك دەنگ، ئەمانوت نە نە نە، دەستی ماچ ناکەین، دایکـی فـەقیر وا شپرزە ئەبوو، بەدەست و دەم، و بەچاو بێ‌دەنگی ئەکردین، پاڕانەوە بەسیمایەوە دیاری‌ئەدا کە بێ‌دەنگبین، هەر فایدەی نەبوو، ئێمە هەر سوربووین لەسەر ئەوەی بەشەقەقیش دەستی بەرامبەر ماچ ناکەین.

تا کار وای لێهات، دایکم ناچار بوو خۆی لەو وشەیە بدزێتەوە، بەتایبەت کە یەکێکمان لەو شوێنە بونایە.

گەورە بووم و سالانێك تێپەڕی. و هاتم بۆ شـاخ، و لەشـاخ زیـاتر تێکـەڵاوی ئـیش و کـاری مـام بـووم، بـەهۆی کـارکردنم لەسکرتاریەتی مام، زۆرم لاسەیربوو کە بۆم دەرکەوت مام جەلالیش زۆر زۆری رق لەدەست ماچکردنە.

ئەو هەر رقی لەو رەفتارەیە، نەك خوانەخواستە وەك دایکم بەئێمەی ئەوت بەڵکو وەك ئەوەی هەر کەسێك بیویستایە دەستی مام ماچ کات ئیتر ئەبوو بەکێشە. تەمەنی کەسەکە و ژن بوون و پیاو بوونی فەرقی نەبوو بۆ مام، و مام زۆر زۆر توڕە ئەبوو، ئـەو دەستی مام ماچ کردنە ببوو بەکێشەیەکی سەرەکی بۆمان وەك سکرتاریەت، بۆیە یەکێکمان هەمیشە مەجبوور بووین بۆ ئـەوەی پێش مام خۆمان بگەیێنە میوانەکە و پێی بڵێین کە تکایە دەستی مام ماچ مەکـە، چونکە زۆر تـوڕە ئـەبێت، بـەلام بەداخـەوە زۆرجار فریای ئەو رێنماییە نەئەکەوتین و ئەبووین بەشایەتی زۆر حاڵەتی ناخۆش کە بەسەر ئەو کەسە ئـەهات، کـە ویسـتوویەتی دەستی مام جەلال ماچ کات.

بەداخەوە هەندێجار تەنانەت لەتوڕەبوونیش زیاتر بووە، و هەمیشە بەو کەسانەی کە لەسەر ئەو رەفتارە لێیـان توڕەبـووە پێـی وتوون فێری دەست ماچکردن مەبن، ئێوە خاوەن رێزن. مرۆڤ ئەبێت سەر بڵند بێت و سەری بۆ کەس دانەنوێت و عەیبـە فێـری ئەمە مەبن.

من دوجار توشی کێشەیەکی زۆر ناخۆش بووم لەسەر دەست ماچـکردن. مـن ئـەو دابونەریتـە ئەوروپی‌یـەی خانەدانـەکانی ئەوروپام بیرچوو بووەوە کە بۆ رێز لەژن گرتن، دەستی ژن ماچ ئەکەن، جاری یەکەم لەشاخ بـووم، و رۆژنامەنووسـێك نـازانم چۆن خۆی گەیاندبووە ناوزەنگ، ئەو سەردەمانە هاتنی رۆژنامەنووس بۆلامان روداوێکی زۆر گەورەبوو، خوا هەڵناگرێ کـابراش زۆر زۆر دڵی بەحاڵمان ئەسوتا، بەو بستە زەوی‌یە تیا ئەژیاین و بەئابلۆقـەی چـواردەورمان و بەدڕنـدەیی دوژمنەکـەمان، کـاتی رۆینی کابرای رۆژنامەنووس هات و کەوتە ماڵئاوایی‌کردن لێمان، منیش دەستم بۆ درێژکرد بۆ تەوقەکردن بـەلام ئـەو دەسـتی منی ماچ کرد، و من زۆر شڵەژاویی دەستم راکێشایەوە و پێم وت: ئەستەغفرالله ئەستەغفرالله، دوایی‌تر بیرم کەوتەوە، کە منـی نەگبەت، چەند خڵەفاوم، چۆن خۆمانم لایان کرد بە لەبێ‌خەبەران کەشکەك سەڵەوات.

جەماعـەت، بـەلام جـاری دووهـەم زۆر قورسـتربوو. لـەپاریس بـووم لـەوەزارەتی تەندروسـتی فرەنسـی، بـەئامادەبوونی د. عەبدولڕەحمان قاسملو، وەزیرە نەگبەتەکە، زۆر موحتەرەمانە و ئەوروپیانە ویستی دەستم ماچ کات، بەلام منی نەگبـەت دیسـان بیرم چووبووەوە، دیسانەوە بەئەستەخفروالله ئەستەخفروالله دەستم لەدەمی کابرای وەزیـر راکێشـا و وابـزانم نەگبەتـە دەمیشـی عەزیەتی گەیشت و ئەو فەقیرەش زۆر تەریق بووەوە، منیش خۆتان شایەتی‌حاڵ بن ئەبێت چەند تەنەکە ئاوم دەردابێت.

من یەکجار دەستی مرۆڤێکم بەدڵ ماچ کردووە ئەویش باوکی شەهیدە (موعینی‌یەکان) بوو، پیرەمێردێکی، نـۆ کـچ و کـوڕ شەهید، ئەبێت چۆن رەفتار لەگەڵ ئەو دڵە گەورەیەیا بکەم، بەرامبەر بەوێنەی نۆ کوڕ و کچە شەهیدەکەی دانیشتبوو، پێی وتین ئەم وێنانە شەهید(خانە) بەدەستی خۆی هەڵی‌واسیوون، وتی: پێم وتوە رۆڵە تۆ زیندویت، و ئەمان شەهیدن بۆ وێنەی خۆت لـەناو ئەمانا دائەنێیت، وتی، پێی وتم: بابە حەزئەکەم وێنەکەم لای خوشك و براکانم بێت، نەمتوانی لەئاست گەورەیی ئەم پیاوە هیچ بکەم لەوەی دەستی راکێشم و دانەویمەوە و بەدڵ دەستیم ماچکرد. کاکە خانەش ئیتر نە گەڕایەوە و شەهیدکرا.

ببورن، بیرم چوو کە بڵێم من دەستەخەپەکانی منالانیش ماچ ئەکەم.

بۆیە بۆ ئەو کەسانەی وەك مام جـەلال و مـن بەسـەد پلـە لـەخوار ئـەوەوە، تـەنیا دەسـتی دایکـە شەهیدێك، باوکە شەهیدێك، لامان ئەوەندە پیرۆزە کە لایەقی ماچکردن بێت و غەیری ئەوە، لایـەقی ئەو کەسانەیە کە، سالانێکە فێری دەست ماچـکردن و دەسـت ماچـکران بـوون. و ئەوانـە زۆر بـاش ئەزانن کە چۆن دەستەکان ئەلێسنەوە.



هێرۆ...



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

الاتحاد

ISSUE: (811) Thursday 26\8\2004

العدد (٨١١) الخميس ٢٠٠٤/٨/٢٦ السنة الثانية عشرة

# تقبيل الأيادي

كتابة: هيرو ابراهيم أحمد
ترجمة: مصطفى صالح كريم

*"في زاويتها الشهرية المعنونة (باختصار) التي تكتبها السيدة هيرو ابراهيم أحمد لمجلة (خاك) كتبت في عدد المجلة الأخير موضوعاً بعنوان "تقبيل الأيادي" تكمن أهميته من كون الكاتبة من أقرب المقربين إلى "مام جلال" لأنها عقيلته وشريكة حياته ورفيقته في النضال في الخنادق والجبال، وعاشت معه في الأرض المحروقة وتعرف كل عاداته وطباعه لذلك فقد تناولت المسألة التي نحن بصددها بموضوعية وأمانة، وبغية اطلاع قراء - الاتحاد - عليه آثرنا ترجمته مع الاعتذار للسيدة الكاتبة الفاضلة التي لم يتسن لنا الاستئذان منها"*

حين كنت -أنا وشقيقاتي واشقائي -بعضنا صغاراً وبعضنا شباباً، نسمع والدتي حين تخاطب شخصاً بالتليفون أو تلتقي أحداً من معارفنا ورداً على سؤال المتحدث عن أحوالنا تقول له وفق العرف السائد: "الأولاد.. بخير، انهم يقبلون أياديكم"، وسرعان ما كنا ننتفض وأي منا كان حاضراً أثناء تلك المحاورة كان يقول على الفور: "لا..لا..لا نقبل يده"، وأما المسكينة كانت ترتبك إزاء هذا التمرد وتشير إلينا بيدها أو من طرف عينها أن نسكت، وغالباً كان طلبها مشفوعاً بشيء من التوسل، ولكن دون جدوى، حيث كنا مصرين على ألا نقبل يد أي كان، رغم أن الحديث لم يكن إلا مجاملة شفهية، حتى وصل الأمر إلى حد أن اضطرت الوالدة إزاء اصرارنا إلى التراجع عن تلك المجاملة والكف عن استعمال هذه العبارة - وخاصة في حضور أحدنا - ..

• وكبرت.. ومرت سنوات والتحقت بالجبل، وهناك اختلطت أكثر بأعمال ومهام مام جلال، وبحكم عملي في سكرتاريته، دهشت لأول وهلة حين ادركت بأن مام جلال هو الآخر يكره تقبيل الأيادي ويعتبرها شيئاً منكراً، ليس فقط -لاسمح الله- كما كانت أمي تردده، بل أن أي شخص كان يحاول أن يقبل يد مام جلال كان يسبب لنا مشكلة. لم يكن لدى مام جلال أي فرق لعمر الشخص أو كونه رجلاً أو امرأة، المهم أنه كان يغضب إلى درجة أصبحت محاولة تقبيل يد مام جلال مشكلتنا الرئيسة في السكرتارية، لذلك كنا نضطر أن نتناوب بالالتقاء بالشخص الذي سيلتقيه ونرجوه ألا يقبل يده، لأنه سيغضب كثيراً، ولكن للأسف كان يحدث أحياناً أن لانستطيع اللحاق بالشخص المعني لتبلغه توجيهاتنا، وبالتالي كنا نصبح شهوداً لحالات غير مستحبة كان يبلى بها الشخص الذي يحاول تقبيل يد مام جلال.



• للأسف كانت الحالة أحياناً تتجاوز إلى أكثر من الغضب، اذكر أنه كان يقول دائماً لاولئك الأشخاص "لاتتعلموا تقبيل الأيادي، أنتم اناس محترمون، يجب أن يبقى الانسان مرفوع الرأس ولاينحني لأي كان، من العار أن تتعودوا على هذه العادة".

• شخصياً لقد تورطت مرتين في مشكلة مؤسفة بصدد تقبيل اليد، كنت في غمرة الأحداث نسيت تلك التقاليد والعادات الأوربية السائدة لدى الطبقات الراقية في أوروبا والتي في سياقها يتم تقبيل يد المرأة تقديراً واحتراماً لها.

• في المرة الأولى كنت في الجبل، لست أدري كيف استطاع أحد الصحفيين وعبر كل المخاطر

الوصول إلى (نلوزنك)، كان وصول الصحفي في ذلك الزمن إلى منطقتنا أمراً في غاية الأهمية، والحقيقة كان الرجل متألماً لأحوالنا وخاصة بالأشبار من الأرض التي كنا نعيش فيها، وبالطوق المفروض حولنا وبشراسة اعدائنا، وعندما استأذن الرجل للسفر وحان وقت توديعه، مددت يدي لاصافحه مودعة ولكنه قبل يدي فارتبكت كثيراً وسحبت يدي وانا اردد "استغفر الله.. استغفر الله.." وفيما بعد تذكرت انا المنكوبة كم تخلفت عن الركب وانا بين هذه الكهوف، وكيف اظهرت حبتصري في هذا- كم نحن متخلفون!! وكيف اننا في واد وغيرنا في واد آخر.

●اما المرة الثانية فقد كانت اصعب بكثير من سابقتها.. كنت في زيارة الى باريس، حين التقيت في وزارة الصحة الفرنسية بحضور الدكتور عبدالرحمن قاسملو وزير الصحة الفرنسي، تقدم مني الوزير بكل احترام وتقدير ليقبل يدي، ولكني لتعاسة حظي كنت قد نسيت مرة اخرى اصول اللياقة والمجاملة التي تستوجب تقبيل يد السيدات، لذلك بادرت هذه المرة ايضا بترديد عبارة "استغفر الله.. استغفر الله" ساحبة يدي، واعتقد اني سببت الاذى لفهمه عدا الاحراج الذي سببته له، والآن كونوا شهودا على هذا المشهد المؤلم وتصوروا العرق الذي تصبب من وجهي ازاء هذا الموقف المؤسف.

●ولكني اعترف لكم باني مرة واحدة قبلت يد شخص من كل قلبي، كان والدا للشهداء من آل (معيني)، رجل استشهد تسعة من بناته وبنيه فكيف اتصرف ازاء هذا القلب الكبير الجالس قبالة الصورة التي تجمع ابناءه التسعة، وخلال حديثنا قال الرجل المفجوع بفلذات كبده: ان هذه الصور علقها ابني (خانه) بنفسه، واذكر اني – والحديث للوالد– قلت له: يابني انك حي والحمد لله، واخوتك استشهدوا لماذا وضعت صورتك بين صورهم، فقال: "ياوالدي العزيز احب ان تكون صورتي مع صور شقيقاتي واشقائي".

حين استمعت الى حديث الشيخ لم استطع ان اعمل شيئاً تجاه عظمته سوى ان اسحب يده وانحني اجلالا له واقبل يده من كل قلبي.. واود ان تعلموا بان العزيز (خانه) هو الاخر لم يعد حيث استشهد والتحق بقافلة الشهداء.

●اعذروني.. نسيت ان اقول لكم باني اقبل الايدي الناعمة للاطفال ايضا.

●وعليه فان اشخاصاً مثل مام جلال وانا التي آتي بعده بمائة درجة نعتبر فقط ايادي ام الشهيد وأب الشهيد مقدسة الى درجة تليق بالتقبيل، وما عداها من الايدي فانها تليق بالاشخاص الذين تعودوا منذ سنوات عديدة على تقبيل ايادي الآخرين وتقبيل الآخرين لايديهم، وانهم يعلمون جيدا كيف يلعقون الايادي.



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com




# دەست ماچ کردن

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد

گۆڤاری خاك، گۆڤارێكی مانگانەی هەمەڕەنگە ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك دەریدەكات. لەژمارە (86)دا كەڕۆژی (10)ی ئەم مانگە بڵاوبووەوە بەقەڵەمی خاوەن ئیمتیازو لەگۆشەی (بەكوردی)دا ئەم بابەتە بڵاوبووەتەوە، لەبەر گرنگی بابەتەكە بەباشمانزانی وەك خۆی بڵاوی بكەینەوە.

بەشی كاروباری سیاسی

2. سەرچاوەکانی پێشوو.

3. ئیبراهیم ئەحمەدیش، بە جەلال تاڵەبانی، دەگوت:" مام جەلال".

4. باسێکی ئەو فیلمە، کە پێشتر وەک گوتارێک بڵاوم کردووەتەوە:



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# خۆسووککردن

## ئەمجەد شاکەلی

فیلمێکی کوردی-تورکییە، نووسین و سیناریۆ و ڕێژی و مۆنتاژ و تەواوی کارەکان: جەلال تاڵەبانی.

ئەکتەرە سەرەکییەکان و قارەمانانی فیلمەکە: جەلال تاڵەبانی و سەنعان قەسساب.

ئەکتەرە لاوەکییەکان: کابرایەکی تورک و کۆمەڵە چەکدارێکی کورد و تورکمان.

کات: ساڵی 2001.

شوێن: باشووری کوردستان، دەوروبەری شارۆچکەی کۆیە.

درێژی فیلمەکە: نێزیکەی پازدە خولەک.

دەشتاییەکی ڕەقەن و بەژە و چەند چەکدارێکی لێ ڕاوەستاون. هەندێک لە چەکدارەکان جلی کوردییان لەبەردایە و هەندیکیشیان پانتۆڵ و کراس. "سەنعان قەسساب"ی سەرۆکی بەرەی تورکمانی و چەند کەسێکێکی دیکەیش، ڕاوەستاون بۆ پێشوازی کەسێک یا کەسانێک و چاوەنۆڕی دابەزین و نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرێکن، کە پێدەچێت هەلیکۆپتەری لەشکریی تورکی بێت. هەلیکۆپتەر بە ئاسمانەوەیە و بە هاڕەهاڕ پەیدا دەبێت. هەلیکۆپتەر دەنیشێتەوە و خولانەوەی بە هێزی پەروانەکەی، دەبێتە هۆی با و تۆزێکی زۆر بەهێز. چەند کەسێک لە هەلیکۆپتەرەکە دێنە خوارێ. یەکێک لەو کەسانە، جلی سیڤیل(مەدەنی)ی لەبەردایە، و پێدەچێت کارمەندێکی گەورەی تورکی بێت. ئیدی کارمەندی "میت"، دەسگای سیخوڕی و هەواڵگری تورکییە یا کارمەندی لەشکریی تورکییە، ئەوە ڕوون نابێتەوە و مەگەر خوا و قارەمانانی فیلمەکە بیزانن. ئەو پیاوە پانتۆڵێکی بۆر و چاکەتێکی شینی لەبەردایە و ملپێچیشی لە ملە. کە دادەبەزێت، هەردوو دەستەکانی دەخاتە سەر سەری، بۆ ئەوەی هەوای بەهێزی سووڕانەوەی پەروانەی هەلیکۆپتەرەکە، پرچە تەنک و نیوەڕووتاوەکەی، نەشێوێنێت و تێکنەدات. سەنعان قەسساب و خەڵکانێک، کە لەوێ چاوەڕوان، دەچنە پیری ئەو کابرایەوە و ئەویش بەرەو ڕووی ئەوان دێت. پێشوازیکەران و کابرا دەگەنە یەکدی و یەکتر لە ئامێز دەگرن و دەستی یەکدی دەگوشن و ماچ و مۆچی یەکدی دەکەن و هەموو وێکرا، ڕوودەکەنە خانوویەکی بۆری لە بلۆک و چیمەنتۆ دروستکراو. دەچنە ژوورێکی درێژکۆڵەی ئاساییەوە، کە چەند کورسی و ئەسکەمیلێکی لێیە و جێی دانیشتنی پازدە بیست کەسێکی تێدا دەبێتەوە و لەوێ دادەنیشن. بەوەی کە وێنەی جەلال تاڵەبانی لە ژوورەکەدا هەڵواسراوە، پێدەچێت ئەو خانووە، بارەگایەک یا بنکەیەکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بێت. دوای بەخێرهێنانی میوانە تورکەکە، لە نێوان خۆیاندا دەکەونە گفتوگۆ و بەوەدا، کە سەنعان قەسساب و کابرای تورکە، پرسیار لە چەند کوردێکی دانیشتووی کۆڕەکە دەکەن، دەردەکەوێت، کە هەمووان چاوەنۆڕی هاتنی جەلال تاڵەبانی دەکەن. کوردەکان لە وەڵامی پرسیارەکانی کابرای تورکەی میوان و سەنعان قەسسابدا، لەمەڕ نەگەیشتنی جەلال تاڵەبانییەوە دەڵێن، کە ئەو، واتە: تاڵەبانی، بڕێک



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دوادەکەوێت و هاکەزانیتان پەیدا بوو. پاش ماوەیەکی کەم، جەلال تاڵەبانی، پەیدا دەبێت و خۆی وەژووردا دەکات. ئەویش، سەنعان قەسساب و کابرای تورک و هەندێکی دیکەیش لەوانەی نێو ژوورەکە، لە باوەش دەگرێت و ماچ و مۆچیان لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە و زۆر بە گەرمی بەخێریان دەهێنێت و پاشان دادەنیشێت و هەمووان دادەنیشن. جەلال تاڵەبانی، لە سەر کورسییەک لە نێوان، کابرای تورک و سەنعان قەسسابدا، دادەنیشێت. تاڵەبانی کراسێک و پانتۆڵێکی لەبەردایە و کراسەکەی بە سەر پانتۆڵەکەدا شۆڕ کردووەتەوە، بۆیە ورگەزلەکەی بە قەوارەی سروشتیی خۆی، دەرناکەوێت. تاڵەبانی تەسبێحێکی درێژی بە دەستەوەیە و خێراخێرا دەنکەکانی بە شوێن یەکدیدا دەجووڵێنێتەوە و تەقەیان لێ هەڵدەستێنێت. میوانە تورکەکە و سەنعان قەسساب، پێیان سەیرە، کە تاڵەبانی، بەو کراس و پانتۆڵەوە هاتووە و قات و جلی پۆشتە و فەرمیی لەبەردا نییە و پرسیاری ئەوە لە نێوانیاندا دێتە ئاراوە. ئیدی لەو باسی جلەوە، کابرای تورک و سەنعان قەسساب و تاڵەبانی دێنە سەر باسی ئاووهەوا و گەرما و فێنکی و ئەوانە. تاڵەبانی لەگەڵ کابرای تورک و سەنعان قەسسابدا، بە کوردی قسان دەکات و کابرای تورکیش بە تورکی و سەنعان قەسسابیش بە هەردووکیان. وەرگێڕێک قسەکانیان دەگۆڕێتە کوردی و تورکی. پاشان باسی سلێمانی و هەولێر دەکەن و تاڵەبانی باسی ئەوە دەکات، کە لە سەرکردەیەتیی حیزبەکەی ئەودا، چەندین هەولێری هەن و نموونەی: عەدنان موفتی، سەعدی پیرە، کۆسرەت و ئەرسەلان باییز و...ئەوانە دەهێنێتەوە. دواتر باسی ئەوە دەکەن، کە بۆ بە سلێمانی دەگوترێ شار و سەنعان قەسساب، بە تورکی، بۆ میوانە تورکەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ، کە ئەوە هەر لە سەردەمی عوسمانیدا وا نێونراوە و هەمان ڕستە، یەک دووجاران دەڵێتەوە و باسی ئەوە دەکات، کە جاران خەڵکی سلێمانی لە هەرکوێیەک بووایەن و کە بگەڕابانەوە بۆ سلێمانی دەیانگوت: "دەچمەوە شار" یا "دەچینەوە شار" و ئەو وشەیە بە کوردی دووپات دەکاتەوە و باسی ئەوەش دەکرێت، کە خەڵکی سلێمانی بە هەولێر ناڵێن شار و هەولێر بە گوندێکی گەورە دادەنێن. تاڵەبانییش پێدەکەنێت و گەلێک کەیفساز دیار دەبێت. پاش کەمێک، هەموو هەڵدەستنە سەر پێ و ژوورەکە جێدەهێڵن و دەچنە دەرێ و بەرەو ئۆتۆمبیلەکانیان دەچن. کە سەنعان قەسساب بەرەو ماشێنەکەی دەچێت، تاڵەبانی بانگ دەکاتە چەکدار و زەلامەکانی خۆی و دەڵێت: "دەرکەی بۆ بکەنەوە!". ئەوجا سواری ئۆتۆمبیل دەبن و دەچنە دەشتاییەک، کە هێندە لەوێوە دوور نییە و لەوێ دادەبەزن. جەلال تاڵەبانی و سەنعان قەسساب، خێراخێرا لەیەک نێزیک دەبنەوە و باوەش بەیەکدیدا دەکەن و بە دەنگی بەرز پێدەکەنن و بەردەوامیش دەستی ڕاستیان، لە نێو دەستی یەکدیدایە . ئەوجا باسی ئەو زەوییەی لە سەری ڕاوەستاون، دێتە گۆڕێ و تاڵەبانی و سەنعان قەسساب، هەمدیس ئامێز بۆ یەکدی دەکەنەوە و توند خۆ بەکدییەوە دەنووسێنن و لەو کاتەدا، تاڵەبانی خۆی نەوی دەکات و شۆڕدەبێتەوە و بە سەر دەستی سەنعان قەسسابدا دادەچەمێتەوە و دەستی قەسساب ماچ دەکات و ئەوجا بەدەم پێکەنین و قاقاوە و بە لەئامێزگرتنەوەی سەنعان قەسسابەوە، قیت دەبێتەوە و سەنعان قەسسابیش بە تورکی بە کامێرابەدەستەکان و وێنەگران دەڵێت: "دەی وێنەمان بگرن!". جەلال تاڵەبانییش، وەک ڕوونکردنەوە و خستنەسەرێکی قسەکەی سەنعان قەسساب، دەڵێ: "پێشانی کاک مەسعوودی بدەن، با ئێسکم لەکنی سووکتر بێت! با ئێسکمان سووکتر بێ لەوێ!". ئەوجا تاڵەبانی، کە دەستی ڕاستی لە نێو دەستی سەنعان قەسسابدایە، قامکەکانی دەستەکەی دیکەی، دەستی چەپی، ڕێک وەک جامبازێک، دەجووڵێنێتەوە و لەپی دەکاتەوە، وەک چۆن مرۆڤ، داوای پارە لە کەسێک دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەست بە باخەڵدا بکات و بە سەنعان قەسساب دەڵێت: "دەی بێنە، جا بڵێ کوردستانی فرۆشت!". ئەوجا هەردوو، تاڵەبانی و سەنعان قەسساب، کە ئامێزی یەکدی و دەستی یەکدی بەرنادەن، وەک نیشانە و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاماژەیەک، کە ئەو خاکە یا ئەو شوێنە یا ئەو وڵاتە، کە لە سەری ڕاوەستاون و لاقیان لە سەریەتی، هەردوو تێیدا هاوبەشن و هی هەردوو لایانە، هەردووکیان لاقی ڕاستیان، دەخەنە تەنیشت یەکدی و پێی ڕاستیان، چەپوڕاست بە تەنیشت یەکدییەوە دادەنێن. پاشان باسی ئەوە دێتە ئاراوە، کە ئەوان(تورکمانەکان) چەندیان دەوێت! تاڵەبانی ئاماژە بەو زەوییە دەکات و دەڵێت: "ئەوە هەزار دانەیە، چوارسەدی دەدەین بە ئێوە". مەبەستی تاڵەبانی، لە هەزار دانە، ئەوەیە، کە ئەو زەوییە هەزار پارچە جێ خانووە و چوارسەد لەو هەزارە دەداتە تورکمانەکان. تاڵەبانی جارێکی دیکە دەڵێت: "چوارسەد دەدەین بەو برایانە". ئەوجا کابرای تورک دەڵێت:"من دەمەوێت ئەو کارە زوو تەواو بکرێت، بۆ ئەوەی سبەینێ تاپۆی ئەو زەوییانە لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە". پاشتر باسی ئەو زەوییە دەکەن، کە پەنجا دۆنمە. دواتر باس لەوە دەکرێت، کە ئەو چوارسەد ماڵە تورکە بهێنرێن و لە سەر ئەو عەردەی، کە بۆیان دادەنرێت، چادریان بۆ هەڵدەن و لەوێ بە شێوەیەکی کاتیی نیشتەجێ بکرێن تا خانوویان بۆ دەکرێن. ئەوجا تاڵەبانی وەک پێشاندانی کۆمەک و هاریکارییەکی زیاتر و چوونەپێشەوەیەکی چاوتێرانەتر بۆ سەنعان قەسساب و تورکمانەکان دەڵێت: "ئێمە هەموو شت بۆ ئەو برایانە تەرتیب دەکەین، ئاو، کارەبا، هەموو شتێکی دیکە". کابرای میوان، واتە: تورکەکە، بەو خزمەت و چاوتێرییەی، تاڵەبانی قایل دەبێت. کابرای تورک، ئەندازیار و شارەزای خۆیانی لەگەڵە و بۆ دروستکردنی خانووەکان و بە ئەنجاگەیاندنی پرۆژەی نیشتەجێکردنەکە، پرسێک بەو دەکات و ئەویش وەک نیشانەی قایلبوون، سەری بۆ دەلەقێنێت و ئیدی بڕیار دەدەن، کە هەموو کارەکان، بگرنە ئەستۆی خۆیان، واتە: تورکەکان ئەنجامی بدەن. لەو ساتانەدا، سەنعان قەسساب و تاڵەبانی، خێراخێرا داوای وێنەگرتن دەکەن و دەشڵێن:"ئێمە بڵاوی دەکەینەوە!". تاڵەبانی و قەسساب، خۆشخۆش باوەش بەیەکدا دەکەن. دواتر خەڵکەکە وەڕێ دەکەون و کامیراکەش دەگوێزێتەوە سەر دیواری خانوویەک، چەند چەکدارێک لە بەردەمیدان و لە سەرەوەی خانووەکەش ئالایەکی شین دەشەکێتەوە، کە مانگ و ئەستێرەیەکی تێدایە، لە سەر دیواری خانووەکەش بە عەرەبی نووسراوە:"مكتب علاقات الجبهة التركمانية في كويسنجق"، واتە: نووسینگەی پێوەندەکانی بەرەی تورکمانی لە کۆیسنجەق. کامیراکە دەچێتە ژووری ئەو خانووەوە و چەند تورکمانێک لەوێ دانیشتوون و دادەنیشن و هەموو بسکەی سمێڵیان دێت. تاکە تێبینییەک، کە دەکرێت لەمەڕ ئەو فیلمەوە بگوترێت، ئەوەیە، واپێدەچێت تەواوی ئەو فیلمە بە کامیرایەکی شاراوە و بێ پێزانینی جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەی گیرابێت و تورکەکان، یا تورکمانەکان(کە هەردوویان هەر یەکن)، یا دەسگا سیخوڕییەکانیان، هەر بە مەبەستی بەماڵکردنی ئەو زەوی بەشینەوەی تاڵەبانی بە سەر تورکماناندا و هەڵگرتنی ئەو فیلمە وەک دۆکیۆمێنتێک، بۆ پاشگەزنەبوونەوەی تاڵەبانی و سەلماندنی ئەو خۆسووککردنەی وی کرابێت.

**هەڵسەنگاندنێک:**

فیلمی "خۆسووککردن"، بەشێکی گچکەیە لە فیلمێکی گەلێک دووروودرێژ. بنەمای هزری و ئایدیۆلۆژی ئەم فیلمە، لە دید و فەلسەفەی "جەلالیزم"ەوە سەرچاوە دەگرێت و تەواوی ئەو ئەکتەرانەش، کە ڕۆڵ لەم فیلمەدا دەلیزن، ئیدی چ ڕۆڵی سەرەکی بێت یا لاوەکی، خەڵکانێکی "جەلالیست"ن. یەکەم بەشی ئەم فیلمە، لە ساڵی 1964دا، ساز کرا و ئیدی بەردوام و تا ئێستا، وا دەگاتە سیونۆ ساڵێک، ئەم فیلمە درێژەی هەیە و بەشی نوێی دەخرێتە سەر و ئەکتەری نوێی تێدا بەشدار دەبن و ڕووداوی کتوپڕ و سەرسووڕهێنەری دیکە دەگرێتە خۆ. کە بەشی یەکەمی ئەم فیلمە ساز کرا، سیناریۆ و کاری ڕێژی و کارە هەرەسەرەکییەکانی دیکە، هونەرمەندی مەزن ئیبراهیم ئەحمەد، وەئەستۆی خۆی گرتبوو.ڕۆڵە هەرەسەرەکییەکان و قارەمانانی فیلمەکە ئەودەم، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

تاڵەبانی، دەیانلست. هەرچەندە ئەو دووانە چالاکترین ئەکتەر و قارەمان بوون، لێ تاکە ئەکتەر نەبوون، بەڵکە کۆمەڵێک ئەکتەری چالاکی دیکەیشیان لەگەڵدا بوون، مانەندی: عومەر دەبابە، عەلی عەسکەری، حیلمی عەلی شەریف، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل(مەلا ماتۆر)، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی و....ئەم دەستەیە، ئەم ئەکتەرە چالاکانە، بە پارە و پووڵی ساواکی ئێران و ڕێژیمە عەرەبییە شۆڤێنیستەکەی بەغدا و دنەدانی نەیارانی کورد و سەرپەرشتی و چاودێری و مامۆستایی و ڕێنوێنیی و ڕێبەریەتیی هونەرپیشەی مەزن، ئیبراهیم ئەحمەد، بە نۆبەرەی "خۆسووککردن"ەوە، هاتنە مەیدانی هونەرەوە. ڕووداوەکانی ئەو نۆبەرەیە و وێنەکانی، تەنێ لە کوردستان ڕوویان نەداوە و نەگیراون، بەڵکە بەشێکیشیان لە تاران و هەمەدان و بەغدا، ئەنجام دراون. بەشەکانی دیکەی ئەم فیلمە، یەک بە دووی یەکدا هاتن و ئەم دەستەیەش، تا بڵێی لە تەواوی ئەو کارە هونەرییانەی، کە ئەنجامیان داوە، چالاک و لێزان بوونە و لەو بەشانەی ئەم فیلمە، کە لە نێوان ساڵانی 1966-1970دا چێ کراوە، ئەکتەرەکانی ئەم فیلمە، گەیشتوونەتە ترۆپکی ڕۆڵلستنیان و ئەوپەڕی هونەرکاریی خۆیان نواندووە. هەر لەو ساڵانەشدا، ئیدی ئەستێرەی هونەریی تاڵەبانی، تا دەهات هەڵدەکشا و بەرەبەرە "ئیبراهیم ئەحمەد"ی باوکی گیانیی و ڕێبەر و فەیلەسووفی ئەو ڕێبازە، خۆی دەدایە کەنار و تاڵەبانی بۆ خۆی، ئەو ڕۆڵەی دەستەبەر دەکرد و شوێنی ئەو باوکەی دەگرتەوە. دیارە دوای ئەو ساڵانەش هیچ ڕەوش و بارێک، پەکی کارەکانیانی نەخستووە و ڕێکوپێک کاری خۆیان ئەنجام داوە. ساڵ لە دوای ساڵ، هونەرمەندی چالاکی دیکە، هاتوونەتە نێو ئەو تیمەهونەرییەوە و پەیدابوون و لێزانی و توانستی خۆیان نیشانداوە. ساڵی 1983، جارێکی دی ئەو هونەرمەندانە، گەیشتنەوە دوندی کاری هونەری و بەشێکی یەکجار گرنگی دیکەی ئەو فیلمەیان، لە پشتاشان و قرناقا چێ کرد. یەکێک لەو ئەکتەرانەی، کە تا ڕادەیەک لە هەمووان زیاتر و لێزانانەتر، ڕۆڵی لەبەرچاوی لست، نەوشیروان مستەفا بوو. ئەم ئەکتەرە هەر لە 1964یشەوە لەگەڵ ئەو دەستە هونەرییەدا بوو و شاگردی مامۆستایانی خۆسووککردن، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی بوو، بەڵام ئەو ساڵانە ئەم ، ڕۆڵی لاوەکی و لە پاش پلەی دەیەم و دوازدەیەم و ئەوانەوە وەردەگرت. ساڵانی 1994 تا 1997 و ئەوانە، ئەم دەستە هونەرییە بە چالاکییەکی نوێوە هاتنەوە مەیدان و کاری مەزنتریان لە تۆپبارانی پەرلەمانی کوردستان و کودێتای سەربازی لە هەولێر و وەدەرنانی حیزبی هاوبەشی دەسەڵات و دابەشکردنی باشووری کوردستان بۆ دوو کەرت، ئەنجام دا. لەو بەشەی ئەو ساڵانەی فیلمی "خۆسووککردن"دا، ئەکتەری نوێ و خوێنگەرم پەیدابوون، کە زۆر زرنگانە ئاگری جەنگی نێوخۆ و کوردکوشتنیان خۆش دەکرد، هەر بۆیەش ڕۆڵی گەلێک چالاکیان وەرگرت. بۆ ئەو ماوەیە، دەکرێ نێوی ئەکتەرانی وەک، جەبار فەرمان، کۆسرەت ڕەسووڵ، مەلا بەختیار، فەرەیدوون عەبدولقادر، سەعدی پیرە و دەیانی دیکەش، بخرێنە نێو لیستی ئەکتەرە چالاکەکانەوە. ئەم بەشەی "خۆسووککردن"، کە لە سەرەوە باسمان کرد، لە ساڵی 2001 دا، چێ کراوە. جەلال تاڵەبانی، ڕۆڵی قارەمان دەبینێت. کاتێک، کە بە سەر دەستی سەنعان قەسسابی، سەرۆکی بەرەی تورکمانی، تۆرانی، دژەکورد، کەونەبەعسی، سیخوڕی دەسگا سیخوڕییەکانی عیراق و ڕێژیمی سەددام حوسەین و میتدا دەکەوێت و دەیلێسێتەوە، جەلال تاڵەبانی، هێندەی دنیایەک مەزنیی دەداتە لایەنە هونەرییەکەی، ئەم بەشەی ئەو فیلمە. ئەوەی تاڵەبانی دەیکات، داهێنانە لە بوار، و بەخشینە بە، ڕەوتی خۆسووککردن و سووکایەتییبەخۆکردن و بیانیپەرستی و دژایەتی کورد و شۆخیکردن بە خاکی کوردستان. بەو بەرەنگاربوونەوە و سنگدەرپەڕاندنەی خۆی، کە دەڵێت: "پێشانی کاک مەسعوودی بدەن، با ئێسکم سووکتر بێت لە کنی!"، واتە: وێنەکانی کە لەگەڵ سەنعان قەسسابدا دەیگرێت و ئەو پێکهاتنەی لەگەڵ ئەودا و دەستماچکردنی سەنعان قەسساب، کە تاڵەبانی شانازی پێوە دەکات، تاڵەبانی هێندەی



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دی هونەرپیشەیی و زیرەکی و زرنگی و لێزانی خۆی، لە بواری وڵاتفرۆشتن و بیانیپەرستی و دژبە گەل و نەتەوە و وڵاتی خۆ بوون و خزمەتی دەسگا سیخوڕییەکانی ئەملا و ئەولا و خۆسووککردن و سووکایەتیکردن، بە هەرچی بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان و ئەتککردنی گیانی وڵاتپارێزی و کوردایەتی، دەنوێنێت و هێندەی دی ئێسکی خۆی، نەک تەنێ لە کن مەسعوود بارزانی، بەڵکە لە کن هەموو کورد، سووکتر دەکات! ئەوەی تاڵەبانی لەو فیلمەدا دەیکات، واتە: دەستماچکردنی سەنعان قەسساب، جاری یەکەمی نییە، ئەمە دووەم ماچی مێژوویی تاڵەبانییە، یەکەمیان ئەوەی ساڵی 1991ی بوو، کە وەک هەنگ، لە لامل و ڕوومەتی سەددام حوسەینی سەرۆکی نەدەبووەوە و وایدەزانی شیلەی گوڵ هەڵدەمژێت. ئەمانە دوو ماچن، کە دەبوو و دەبێ هەمیشە وەبیر خەڵکی کورد بهێنرێنەوە. کە تاڵەبانی، پێی دەخاتە تەنیشت پێی سەنعان قەسساب و وەک موڵکدار و هاوبەش لە خاکی کوردستاندا، نیشانی دەدات، پێیوایە ئەو بۆ خۆی خاوەنی خاکی کوردستانە و ئەو خاکەی بە سەر تورکمان و میت و بەعسی و تۆرانیدا دەیبەشێتەوە، هی خۆیەتی و بە میرات لە باوک و باپیرییەوە بۆی بەجێهێڵراوە و هیچ جۆرە ئازارێک و ختووکەیەک، ویژدانی ناجووڵێنێت و ناهەژێنێت. تاڵەبانی بەو چاوتێرییەی لە بەشینەوەی زەویدا، هەر دەڵێی پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە دەکات. تاڵەبانی لەو کردەوەیدا، وەک زۆرینەی کردەوەکانی دیکەی، بیر لەوە ناکاتەوە، کە ئەو چوارسەد جێخانووەی، ئەو دەیداتە برایانی تورکمانی، ئەو برا تورکمانانەی دەیکەنە پزدان و گەرای هەزاران سیخوڕی میت و تۆرانی و نەیاری کورد، لە کوێیش، لە دەشتی کۆیە، لە جێگەیەکدا، کە هەرگیز و بە درێژایی مێژوو، یەک ماڵە تورکمانی تێدا نیشتەجێ نەبووە. بەو کارە تاڵەبانی، خاکی وڵاتەکەی خۆی و زێدی مرۆڤی کورد، گەمار و پیس دەکات. ئەگەر ئەو هەموو ماچ و مۆچ و خۆلەیەکهەڵسوون و یەکدی لە ئامێزگرتنەی، تاڵەبانی و قەسساب، لەم ئەورووپایە پێشانی خەڵک بدرێن، تەنێ بە یەک شت باسیان دەکەن و یەک نێویان لێ دەنێن، ئەویش ئەوەیە، کە ئەو زەلامانە، بێ هیچ سێودوولێکردن و گومانێک، هاوجنسباز، نێرباز "هۆمۆسێکسوێل"ن. لەم جیهانەدا تاکە یەک کەسی دیکە پێ دەزانم، کە هێندەی جەلال تاڵەبانی، حەز بەو جۆرە ڕاموسان و لەئامێزگرتن و خۆپێوەنووساندن و خۆلەیەکهەڵسوونە، ساختەکارانە بکات و لەوەی بەرانبەری نەبێتەوە و بە یەک ماچ و یەک دەستگوشین و یەک ئامێز قایل نەبێت و وەک مێشی بە خورما و دۆشاو و شەکرەوە نووساو و چەسپی دووقولو، هەرگیز لێ نەبێتەوە، ئەویش "یاسیر عەرەفات"ە. تەنێ ئەبوو عەممار(أبو عمار)، شان لە شانی ئەبوو شەللال(ابوشلال) دەدات و ملانێی لەتەکدا دەکات. پاش وردبوونەوەیەک لەم بەشەی ئەو فیلمە و لە دیرۆکی سیونۆ ساڵەی ئەو فیلمە، دوای جەڕدانی بیرگە و هۆشی خۆمان، ئەو ئەنجامەی دەیگەینێ، ئەوەیە: ئەگەر خەڵکی کورد، مرۆڤی ئاسایی کورد، هەژار، نەدار ، نەخوێندوو، ژن، پیاو، زارۆک، پیر، خوێندوو، سیاسەتکار و هەرچی چین و توێژ و دەستە و کۆمەڵێکی کورد هەیە، لە کوردستان و لە هەندەران و لە هەر قوژبنێکی ئەم جیهانە، بڕێک ڕاستگۆیانە و بوێرانە و نیشتمانپەروەرانە، بنۆڕنە ئەزموونی ئەم فیلمە و ئەزموونی ئەکتەرەکانی و سرووش و هزرێک، ئەم فیلمە و ئەو هونەرکارانە، بە گیان و میشکی مرۆڤی کوردی دەبەخشن و پرسیارگەلێک، ئەو فیلمە دەیورووژێنێت، زۆریان پێ سەیر دەبێت، زەلامێکی مانەندی تاڵەبانی، ببێتە ڕێبەر و سەرکردەی نەتەوەیەک و خەڵک شوێنی بکەوێت. جەلال تاڵەبانی، ئەگەر لە نێو هەر خاک و خەڵک و نەتەوەیەکی دیکەی ناکورددا بووایەت، ئێستا زۆر لە مێژ بوو، بە چەپڵە و هووها، شاربەدەر کرابوو و کاتیی بە سەر چووبوو و ئێکسپایەر بووبوو.

2003-11-13



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com